کانیەکەم (حەوزەکەم) دووری مانگێکە لەڕۆشتن (درێژییەکەی)، ئاوەکەی سپیترە لە شیر، وبۆنەکەی خۆشترە لە میسک

لە عبد الله کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کانیەکەم (حەوزەکەم) دووری مانگێکە لەڕۆشتن (درێژییەکەی)، ئاوەکەی سپیترە لە شیر، وبۆنەکەی خۆشترە لە میسک، ودۆلکەکانی هێندەی ئەستێرەکانی ئاسمانن، هەرکەسێک لێی بخواتەوە هەرگیز تونی نابێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە لە ڕۆژی قیامەتدا کانیاوێکی هەیە، درێژیەکەی هێندەی دووری مانگێکە لە ڕۆشتن وپانیەکەی بەهەمان شێوە، وئاوەکەی سپیترە لە شیر، وبۆنەکەی خۆشترە لە بۆنی میسک، وپەرداخەکانی -دۆلکەکانی- هێندەی ژمارەی ئەستێرەکانە هەرکەسێک لەم کانیاوە بخواتەوە بەو پەرداخانە هەرگیز تینوی نابێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65030